# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران حزبەکەی مەنسور حیکمەت نی یە

سامان ئەحمەد

## پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی حزبی مەنسور حیکمەت

به داخەوە حککا له جیاتی گرتنەبەری ڕەوەندی بەرەو حزبی سیاسی مەنسورحیکمەت سەرەنجام له غیابی مەنسور حیکمەت و بەهێزبوونی چەپی سوونەتی لەحزبدا، له پرۆسەیەکی پڕ کێشمەکێش و ململانیٚ و له ڕەوندێکی پاشەو پاش گەڕانەوەدا به تێکشکاندنی سوننەت و بنەماکانی حزبیەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ڕەوەندی حزبێکی حاشیەیی گرتەبەر.

ئیمکانە له سەرەتاوە درك کردنی ئەم ئاڵوگۆڕە کەمێك زەحمەت بێت هەروەك له قسەوباسی هەندێك له هاوڕێیاندا که دەپرسن حککا بەرنامە و بەڵگە و ئەسنادەکانی پێشووی خۆی نەگۆڕیوە، یان دەپرسن بەڵگە و ئەسنادەکانی ئەم ئاڵ و گۆڕە له حککا دا چی یە ..؟ بێگومان درك کردنی ئەم ئاڵ و گۆڕە زیاتر به دوای کاڵ بوونەوەی ئەو کەمپینە تەبلیغاتی و هەراو زەنایەی حککا بەڕێی خستووە له دژی موخالیفینی خۆی لەژێرناوی ( سەرکەوتن بەسەر ڕاست ) دا ڕۆشننتر دەبێتەوە ، چونکە ئەو کارە هەتا دەورەیەك دەتوانیٚ بڕ بکات ، حزبی سیاسی دەبیٚ وەڵام به کۆمەڵگا و زەمانە بداتەوە .

ئەم حزبەی ئێستا حزبەکەی مەنسور حیکمەت نی یە ، هەر لەم دەورە کورتەدا چەندین جیاوازی سیاسی و عەمەلی ( بەڵام نەنوسراو لەسەر کاغەز ) بەدەرکەوتن . له ئەمڕۆدا کەسێك بیەوێت جیاوازیەکانی حککای دوێنیٚ و حککای ئەمڕۆ ببینێت دەبیٚ ئەو ڕەوەندە عەمەلی یە تاوو تویٚ بکات کە سەرەنجام ئەو حزبەی کرد بە دوو کەرتەوە و بەو وەزعەی ئێستای گەیاند، بزانێت لەم ڕەوەندەدا چی ووترا، چی بەڕیٚ خرا ، چی پیٚ شێل کرا ، چی تێك درا و هەڵوەشایەوە ... ؟

کێشە فکری و سیاسی یە دەروونی یەکانی حککا پێشتریش هەبوون، زۆربەی باسە سیاسی یە گرنگەکانی مەنسوری حیکمەت (حزب و کۆمەڵگا، حزب و قودرەت ..) ڕوو بەو بیرو بۆچوونە تەقلیدی و چەپە بوو کە ڕێگری و قورسایی لەسەر هەڵسوڕانی حککا دانابوو بەرەو حزبێکی سیاسی . پێشترلە ساڵی 1999 ئەوانەی باوەڕیان بە حزبێکی سیاسی کۆمەڵایەتی نەبوو کە بچێتە شەڕی قودرەتی سیاسی یەوە خۆیان حککا یان بەجێهێشت . بەڵام هاوکات دوای مەنسور حیکمەتیش لە دەروونی ئەم حزبەدا کێشمەکێش لەسەر ئەو ئەرك و ئاڵوگۆڕ و وەزیفانەی مەنسور حیکمەت خستیە ڕوو بۆ گۆڕینی حککا بەیەك حزبی سیاسی هەر بەردەوام بوو( باسی لیدەر ، تاکتیکی سیاسی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، حزبی ئەقەلیەتی کۆمەلگا و گرتنی دەسەڵات، ڕابەرایەتی عەلەنی، شەخسیاتی ناسراو، حزبیەت و یەکپارچەیی حزب ... ) . ئەمە ناوەرۆك و چوارچێوەی گشتی ئەو کێشمەکیش و خیلافە دەروونی یانەی دوو ساڵی ڕابردووی دوای مەنسور حیکمەتە. بەڵام لێکدانەوە و بیروڕای جیاواز ( کەپێشتریش هەبوون ) لەسەر ئەو مەسەلانە هۆکاری ئەسڵی دووکەرت بوون و ئەو ئاڵ و گۆڕە نین کە بەسەر حککا هات . چونکەلێکدانەوە و بیرو ڕای جیاواز لە حزبێکی جدی دا دیاردەیەکی سروشتی و ئاسایی یە نابێتە هۆی دووکەرت بوونی ئەو حزبە. تەنانەت ئەگەر بیروڕا جیاوازەکان پلاتفۆرمی جیاوازیشیان لەناو حککا دا هەبووایە دەیانتوانی لە چوارچێوەی حزب دا بە پێی ئوسوڵ و پرەنسیپە حزبی یەکان ئیتیفاقی سیاسی یان بکردایە. هەربۆیە لەئێستادا لە گۆشەی خیلافە سیاسی یە دەروونی یەکانی حککاوە ئینسان ناتوانێت هەڵوێستگیری بکات، چونکە ئەوانە خلافاتی دەروونی بوون پلاتفۆرمی هیچ لایەکیان نەبوو بوو بە بڕیار و ئەسنادی ڕەسمی حککا بەڵکو لێکدانەوە و بیروڕای جیاواز بوون ، بێگومان لە ئایندەدا ئەو خلافانە لە پراتیك و بەڵگەنامەکانی هەردوو حزبەکەدا ڕۆشنتر و بەرجەستە تر دەردەکەون کە تەسەورات و پراتیکی کام حزبەیان وەڵامدەرەوەی دامەزراندنی حزبی سیاسی کۆمەڵایەتی شەڕی دەسەڵاتە لە ئێران دا .

بەڵام بە داخەوە لە جیاتی خلاف سیاسی دەرون حزبی و ئیتیفاقی ساسی بۆ پاراستنی وەحدەتی حککا، سوونەت و کارەکتەری توند و خێرای تەسەورات و بیروبۆچوونەجیاوازەکان بووە سەنتێزی ئاڵوگۆڕی جدی لە حککادا ، هەربۆیە ئەوەی بەکردەوە لە ناو حککا دا ڕوویدا گرنگ و چارەنووس ساز بوو، جێی سەرنج و تیٚ ڕامان و دەخالەت کردن و هەڵوێست وەرگرتن بوو . ڕووداوەکان نیشانە و کارەکتەری سوونەتە جیاوازەکانی ناو حککا بوو . بەمانایەکی تر ئەگەر بۆ ساتێك لە فکر و بیروبۆچوونی جیاوازی ئەو دوو تەرەفە بگەڕێین و بزانین چۆن مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ حزب و بزووتنەوەکەدا کرد ، لێرەوە دەتوانین ئێستاو ئایندەی هەریەکەیان ببینین .

هەموو ئاگادارین کە بیستمان خلافاتی دەروونی حککا هاتووەتە سەر پاڵتاك، حەمیدی تەقوایی لیدەری حککا بە پێچەوانەی سوونەت و ئوسوڵی مەنسور حیکمەتەوە لە پاڵتاکەوە فەتوای ئەوەی دا کە بیروبۆچوونی ڕاست لە حزبدا هەیە و دەبیٚ لە حزبدا نەمێنیٚ ، پاشان ئەسغەری کەریمی چەند سەعات کەوتە حەملە کردن بە خەبات و هەڵسوڕانی هاوڕێی پەنا دەست و لیدەری پێشوو خۆی، نامەکانی لیدەری حککع لە لایەن لیدەری حککاوە پشت گویٚ خران و بە چەند دێڕێك ئامۆژگاری حککع دەکات کارتان بە ئێمەوە نەبێت تا کێشەکان حەسم دەکەین..، زۆرینەی کۆمیتە ناوەندی حککا و ڕابەایەتی حککع داواکاری پلنیۆم و ئیتیفاقی سیاسی بوون نە خۆیان نە ئۆرگانەکەیان لە لایەن لیدەری حککانەوە بە ڕەسمی نەناسرا، کۆنگرەی فوق العادەی یەك نەفەرەی لیدەر ڕاگەیەنرا ... هەموو ئەمانە و زۆری تریش هێندەی فەردەیەك نووسین و ئەسناد گرنگن بۆ ئەوەی ئینسان بتوانێت ناوەرۆکی ئەم ڕەوەندە بینێت . هەموو ئەو کارانە نەك تەنها لەباری تەشکیلاتی و حزبی یەوە پێچەوانەی سوونەت و موازین و پرەنسیپە حزبیەکانی مەنسور حیکمەت بوون، هاوکات بە عەمەلی حککای هەر لە مەکتەبی سیاسی هەتا بچوکترین شانەی حزبی هەڵوەشاندەوە . بە داخەوە ئەم باڵەی ناو حککا کە حەمیدی تەقوایی نوێنەرایەتی کرد لە جیاتی پاراستنی وەحدەتی حزب، لە ژێر ناوی بیروبۆچوونی جیاواز و ڕاست لەناو حزبدا حزبی هەڵوەشاندەوە، بە پێچەوانەی مەنسور حیکمەتەوە کە سەرەڕای ڕەخنە وباسی سیاسی متمدنانە ڕووی دەمی لە کەس نەکرد و نازناو و لەقەبی بۆ بیروبۆچوونی کەس دانەنا و ناوی کەسی نەهێنا و شەڕی تەشکیلاتی لە دژی بیروبۆچونی جیاوازی کەس بەرپانەکرد و شەخسیەت و ماف و جیٚ و ڕێی تەشکیلاتی کەسی نەخستە ژێر پرسیارەوە و بەسەری دا بازی نەدا. بەڵام ئەوەی ڕوویدا یەك کەمپینی چەواشەکارانەی سیاسی و تەشکیلاتی و تەنانەت شەخسی بوو لە دژی موخالیفینی بیروڕا . تەنانەت ئامادە بوون بە قیمەتی هەڵوەشاندنەوەی حزبیش بێت کەمپینەکەیان درێژە پیٚ بدەن ، لە چەند لاوە داواکرا نامە نووسرا ئەم ڕەوەندە ترسناکە و حزبی مەنسور حیکمەت بەرەو

هەڵدێر دەبا، بەڵام ئەوان بە بێ گوێ دانە شەخسیەت و مەوقعیەتی سیاسی وحزبی ئەو کەسانە ( نموونەی ڕێبوار ئەحمەد .... ) هەر خەریکی بردنە پێشەوەی ( بە قەولی خۆیان ) دەرپەڕاندنی باڵی ڕاست بوون لە حزبدا .

لێرەدا تەنها قسە لەسەر نا ئوسوڵی و غەیرە حزبی بوونی ئەم حەرەکەت و ڕەوەندی پاکسازیە نی یە لەناو حککادا ، ئەگەر لە دەورانی ئەو کێشە و ڕووداوانەدا بوارێك بۆ حزبیەت بمایاتەوە دەبوا یەکەم کەس لیدەری حککا بە پێشێل کردنی بنەما ڕێکخراوەیی یەکانی مەنسوری حیکمەت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرایە . بەڵام ئەوەی گرنگە لایەنی سیاسی ئەم ئەم سوونەت و حەرەکەتەیە لەناو حککادا کە مێژوویەکی لە پێشتری هەیە . مەنسوری حیکمەت لە کۆنگرەی سێیەمدا دەڵێت ( هاوڕێیان ! ئێمە دەمانەوێت "حزبی سیاسی" پێك بهێنین و باوەڕتان بێت کە تا ئێستا پێکمان نەهێناوە .. ئێمە دەبێ یەك حزبی سیاسی دروست بکەین .... هێشتا بەداخەوە زیاترلەو چەپە نزیکترین تا لە ئەرکەکانمان ... ) . دوای مەرگی مەنسور حیکمەتیش سەرەنجام لەلایەن ئەو چەپەوە بەم شێوەیە وەڵام بە پرۆسەی بوون بە حزبی سیاسی درایەوە کە بینیمان . کەسانێك کە بیروبۆچوون و خلاف خۆیان لە حزب و حزبیەت و وەحدەتی حزب بۆ گرنگتر و پیرۆزتر بێت بێگومان حزبی ساسی یان ناوێت و کارێکیان پیی نی یە . کەسانێك موخالیفی بۆچوونی خۆیان لە حزب دا بە تاوان و ڕاستڕەو بزانن چۆن دەتوانن دەیان و سەدان هەزار ئینسانی ناو کۆمەڵگا لەناو خۆیاندا ڕیك بخەن و هەمووشیان وەکو یەك بیر بکەنەوە ، کەسانێك لە جیاتی ڕوو کردنە کۆمەڵگا و کۆڵان و شار و شارۆچکە و دێهاتەکان کە هەر ئینسانێکی ناڕازی بتوانێت ڕوویان تێ بکات و ببێتە ئەندامی حزبەکەیان، ڕوویان کردووەتە بەشێکی فراوان لە ڕابەران و شەخسیاتی ناسراوی حزب و هاوڕێ کۆمۆنیستەکانی پەنا دەستی خۆیان و ئەندام بوونیشیان لە حزبدا بە ممکن نازانن و هەموو ئوسول و پرەنسیپێکی حزبی بۆ دەرپەڕاندنیان بگرنە بەر، کەسانێك ئەمە سوونەت شێوازی کاریان بێت ناتوانن ببنە خاوەنی حزبی ڕابەران و شەخسیاتی ناسراوی مەنسور حیکمەت ، کەسانێك بە دەلیلی خلاف سیاسی مافە تەشکیلاتی و ئۆرگانە تەشکیلاتی یەکان بەڕەسمی نەناسن باز بدەن بەسەری دا ناتوانن ئاڵای حزبیەت بە دەستەوە بگرن، سەرەنجام جگە لە فرقەیەکی ئایدیۆلۆژی و لە باشترین حاڵەتدا لە حزبێکی حاشیەیی زیاتر ناتوانن شتێکی تر بن . ئەو چەپەی کە مەنسور حیکمەت داخی بۆ دەکێشێ نەك پرۆسەی بەرەو حزبی سیاسی مەنسور حیکمەتی ڕاوەستاند بەڵکو زەربەیەکی وای لە حزبیەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەئێران گەیاند کە ئاسەوارێکی لە حزبەکەی مەنسور حیکمەت نەهێشتەوە . ئەمە وەڵامی عەمەلی چەپی زاڵی ناو حککا بوو بە باس و پرۆژەی " حزبی سیاسی " مەنسور حیکمەت . ئەم چەپە ئەم کارەکتەر و سوونەت و نیازەی خۆی لە هیچ سەنەد و بەڵگە نامەیەکدا نەنووسی بوو هەروەکو چۆن لەکاتی مەنسور حیکمەتدا سەنەد و بەڵگەیەکی نەبوو بەڵام هەروەکو ئەو ئیشاتی پێ دەدات سایەی بەسەر کار و هەلسوڕانی حککا دا کێشابوو .

بە دوای ئەم کێشەو ڕووداوانەدا ئیتر ئەوە ڕۆشن بووەوە کە ئەو چەپەی لە هەموو کەس زیاتر باسی کرێکار و شۆڕش و سۆشیالیزم دەکات هاوکات تەحەمولی حزبیەت و هەڵسوڕانی حزبی سیاسی ناکات ، ناتوانێت ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی و شەڕی دەسەڵات بکات و کۆمەڵگا بگۆڕێت . ئەمە ئیختیارێکی سیاسی چەپی تەقلیدی ئێرانە لە دوا ویستگەی خۆی دا لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری دا.

هەربۆیە ئەو لێکدانەوەیەی پێی وایە دەبوایە حککع هەڵوێستی بێلایەنی لە ئاست کێشە و ڕوداوەکانی ناو حککا دا هەبوایە لێکدانەوەیەکی نادروستە ، دنیایەك ئاڵوگۆری گرنگ ڕوی داوە ، حزبێك لە ڕیشەوە هەڵوەشێنراوەتەوە ، ئەوەی مەنسوری حیکمەت بە چەندین ساڵ بنیاتی نا لە ماوەیەکی کورتدا تێك و پێك درا ، بێدەنگ بوون لە ئاستی ڕەوەندێکی ئاوادا زەربەیەکی گەورەترە لە حزبیەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری نەك لە ئێران بەڵکو لە هەموو جیهاندا .

**سیناریۆی کۆنگرەی 5 حککا**

کۆنگرەی 5 کۆنگرەیەکی حزبی و قانوونی نەبوو ، بەڵکو تێکدانی دوا دیواری حزبەکەی مەنسور حیکمەت بوو . هەر کەسێك بەندەکانی 2 ، 10 ، 12 ، 13 ، 14 ی بنەما ڕێکخراوەیی یەکانی مەنسور حکمەت بخوێنێتەوە هەڵوەشاوەبوونی حککا و ناقانونی بوونی ئەو کۆنگرەیەی بۆ ڕۆشن دەبێتەوە . یان بەو نەتیجەیە دەگات کە ئیتر حککا خاوەنی بنەما ڕێکخراوەیی یەکانی مەنسور حیکمەت نی یە .

لە چ حزبێکدا کۆنگرەی حزبێك پێش کۆبوونەوە و بڕیاری کۆمیتە ناوەندی ئەو حزبە ساز دراوە ؟ لە کاتێکدا لە بەندی 10 دا هاتووە : بەرزترین ئۆرگانی ڕابەری لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کۆمیتە مەرکەزی یە . لە چ حزبێکدا کۆنگرە کۆنگرەی ئەندامانی حزب بووە ؟ لە کاتێکدا لە بەندی 10 هاتووە کۆنگرە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە حزبی یەکان پێك دێت ، کە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە هەڵبژێردراون . پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەوان ئاگاداری ئەوە نەبوون کە ئەو کارە کارێکی ناقانوونی یە ؟ ئایا ئەوان نازانن کە بنەما ڕێکخراوەیی یەکانی مەنسور حکمەت پێ شێل دەکەن ؟ بێگومان دەزانن . بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەوان موخالیفن بە ڕەوەندی کار و مستلزەماتەکانی حزبی سیاسی کە مەنسور حیکمەت خستوویەتیە بەردەم حککا، و لەناو حزبیشدا ئاڵاهەڵکری بۆ پەیدا بووە و قسە لەسەر حزبی سیاسی تودەیی و حزبی قودرەت و تاکتیکی چۆنیەتی شەڕی دەسەڵات و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ئێراندا دەکەن .

تەنانەت بەمەشەوە نەوەستان دوور لەهەر ئوسوڵ و ئیتیفاقێکی حزبی لە بەرامبەر هەڵوێستی پشتیوانی سیاسی حککع لە حککا ـ حیکمەتیست ، فراکسیۆنێکی غەیرە قانوونی یان بۆ تێکدانی ڕیزەکان و یەکپارچەیی حککع ساغ کردەوە و لە کۆنگرەکەی خۆیاندا ڕەسمیەتیان پێدا و چوونە پشتی !! فراکسیۆنێك لە حزبەکەی خۆیدا وەڵامی وەرنەگرتبێت و ڕەسمیەتی پێ نەدرابێت چۆن ڕەسمیەت و پشتیوانی لە کۆنگرەی حزبێکی ترەوە و وەردەگرێت ؟

بە ڕاستی ئەم سوونەتە عەجیب و غەریبانەی ئەم چەپە بێ ئەندازە دواکەوتووە ، بە ئاستێك ئاڵ و گۆڕی بەسەر حککا دا هێناوە کە جێی سەرسوڕمانە . حزبێك پێچەوانەی بنەما ڕێکخراوەیی یەکانی خۆی بجوڵێتەوە ، حزبێك هیچ ئۆرگان و مەوازین و پرەنسیپێکی تەشکیلاتی بە ڕەسمی نەناسێت ، حزبێك ئینسان نەتوانێ تیایدا حیاواز بیر بکاتەوە ، حزبێك کۆنگرەکەی ناقانونی بێت ، حزبێك نوکی ڕمی لە بەرامبەر کۆمۆنیستەکان و حککع و تێکدانی ڕیزەکانی بێت ، حزبێك ئۆتۆریتە و جێ و ڕێی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕابەران و کادرانی حزبەکەی فەرامۆش بکات و بانگەوازی دەرپەڕاندنیان بکات ، حزبێك لە کۆنگرەکەیدا کۆمۆنیزم لەبەرچاوی کۆمەڵگا بهێنێتە خوارەوە و ئیعتمادی خەڵك بە کۆمۆنیزمی کرێکاری لاواز بکات ... ئیتر ئەوە حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حیکمەت نی یە .

**2004 / 10 /4**

Filnamn: hizbi Iran - word1
Katalog: C:\Documents and Settings\Normal\Mina dokument\saman
Mall: C:\Documents and Settings\Normal\Application Data\Microsoft\Mallar\Normal.dot
Rubrik: **حككا حزبةكةي دويني ني ية**
□mne:
F□rfattare: Normal
Nyckelord:
Kommentarer:
Datum: 2004-10-04 6.21
Version: 15
Senast sparad: 2004-10-05 11.46
Senast sparad av: Normal
Total redigeringstid: 39 minuter
Senast utskrivet: 2004-10-05 11.48
Vid senaste fullst□ndiga utskrift
Antal sidor: 3
Antal ord: 1,939 (cirka)
Antal tecken: 9,773 (cirka)